*Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê*
*Kurdistan National Congress*
*Congrès National du Kurdistan*

KNK

*Rue Jean Stas 41, 1060 Bruxelles Tel: 0032 2 647 30 84 Home Page:* www.kongrakurdistan.net *E-Mail:* kongrakurdistan@gmail.com

# ئەنجامنامەی کۆبوونەوەی هەڵوێستی نەتەوەیی بۆ سێ تێکۆشەری کوردستان

لەسەر بانگەوازی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، ئێمە نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان کە لە خوارەوە ناومان نووسراوە، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو کەسایەتی کوردستانیی ڕۆژی 15.12.2018، لە برۆکسل کۆبووینەوە و وتوێژمان لەسەر بڕیارەکەی ئەمەریکا سەبارەت بە سێ تێکۆشەری دۆزی کوردستان کرد.

لە ئەنجامی وتووێژەکاندا بڕیارماندا نامیەکی کراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکا بنێرین. هەروەها وەک هەڵوێستی کۆبوونەوە، ئەم بانگەوازە بۆ ڕای گشتی ڕائەگەیەنین.

ڕۆژی 06.11.2018 وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هەریەک لە بەڕێزان جەمیل بایک، موردا قەرەیلان و دوران کاڵکانی خستە لیستی " داواکراو" و بۆ دەستگیرکردنیشیان ملوۆنان دۆلاری تەرخان کردووە. ئەم ژەڵوێستەی ئەمەریکا بە هیچ جۆرێک قبوڵ ناکرێت و ئێمە ئەم هەڵوێستە شەرمەزار ئەکەین.

بەڕێزان جەمیل بایک و موراد قەرەیلان و دوران کالکان ئەوە 40 ساڵ زیاترە بە سەربەرزیی لە ریزی پێشەوەی شۆڕشی کوردستاندان. بەڕێزان جەمیل بایک و موراد قەرەیلان هەمانکات ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستانن. ئەندامێتی ئەوان لە کۆنگرەدا بۆ ئێمە جێی شانازییە. ئەو سێ ڕێبەرو شۆڕشگێڕە هەموو تەمەنی خۆیان بە خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان بەخشیوە. ئێستاش شەو ڕۆژ بە خۆبەخشیی و بێ هیچ بەرژەوەندییەکی تایبەتی هەر لەو خزمەتە بەردەوامن. ئەو مرۆڤانە لە هەموو ژیانی خۆیاندا لە دژی زۆرداریی و داگیرکاریی تێکۆشاون، مرۆڤایەتیان پاراستووەو لە بەرامبەر زۆرداری و نادادپەروەریدا لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا بوون.

حکومەتی ئەمریکا بەو هەڵوێستە نادادپەروەرو ناڕاستەی ئەبێتە هاوبەشی زۆرداری و ملهوڕیی دەوڵەتی تورکیا. ئەم هەڵوێستە لە ئەخلا ق و ڕەفتاری مرۆڤایەتییەوە دوورە. ئەو بڕیارە وەک بڕیارەکانی پێشووتری " لیستی تیرۆر" و "لیستی نارکۆتیکا" لە ئەنجامی مامەڵەی ڤێزەوندا دراوە. پێویستە ئەمەریکا مامەڵە لەسەر کوردان نەکات. هەندێک کورد بە دۆست و هەندێکی تر بە دوژمن نەزانێ. ئەو سیاسەتە ئەنجامێکی باشی بۆ ئەمەریکا بەدوای خۆیدا ناهێنێت. ئێمە داواکاین ئەمەریکا دەست لەو سیااسەتە چەوت و ناڕاستە بەربدات.

9 رۆژ دوای بڕیاری ئەمەریکا دیوانی دادی یەکێتی ئەوروپا، بڕیری خۆی داو وتی: ئەو هۆکارانەی کۆنسەی یەکێتی ئەوروپا پشتی پێ بەستووە بۆئەوەی پەکەکە لە لیستی تیرۆردا بێت، ناتەوان، بێ بنەماو ناڕەوان. لەبەر ئەوە ئەو بڕیاری خستنە لیستەی پەکەکە بڕیارێکی والایە. بڕیارەکەی دیوانی داد هەمانکات بەرپەچی پارێزەرەکانی کۆنسەی ئەوروپاش بوو کە پشتیان بە بڕیاری لیستی تیرۆری ئەمەریکا بەستبوو.

لە بڕیارەکەی دیوانی دادی ئەوروپادا ئەو راستییە دەرکەوت کە ئەو لیستی تیرۆرە تەنیا بە ئەجێندای سیاسیی بڕیاری لەسەر دراوە. واتا نە یاسایی و نە دادپەروەرییە.

ئێمە جارێکی تر ئەو بڕیارەی حکومەتی ئەمەریکا شەرمەزار ئەکەین. بانگی حکومەتی ئەمریکا ئەکەین و ئەڵێن: دەست لەو هەڵوێستە هەڵەو ناڕەوایە هەڵگرن و ئەو لیستە نادادپەروەرانە بسڕنەوە.

سێ رۆژ پێش ئەم کۆبوونەوەیە ولە رۆژی 12.12.2018دا، ئەردۆگانی سەرۆککۆماری تورکیا هەرەشەی لە رۆژاڤا کردو وتی: لە ماوەی چەند رۆژێکی تردا هێرش ئەکەینە سەر رۆژاڤای کوردستان. یەک رۆژیش دوای هەڕەشەکانی ئەردۆگان، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا مەخمورو شەنگاڵیان بۆردومان کرد. لە بۆردومانی مەخموردا تەنیا لە یەک خێزان ٤ کەسی مەدەنی، 3 ژن  و منالێک شەهید بوون.
بەشدارانی کۆبوونەوە لەسەر ئەم دۆخە نوێیە هەڵوەستەیان کردو هەڵوێستی خۆیان راگەیاند.
لە بۆردومانی شەنگاڵیشدا سێ کەسی خەڵکی کۆبانێ کە لە ئاشێکی ئاوادا کاریان ئەکرد، گیانیان لەدەست دا.

هێرشێکی لەو جۆرە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە بۆسەر رۆژاوای کوردستان، هەموو دەستکەوتەکانی کوردستان ئەخاتە مەترسییەوە. بە داگیرکردنی رۆژاوای کوردستان، باشووری کوردستانیش ئابلۆقە ئەدرێت و، ئیتر هەنگاو بە هەنگاو بەرەوە پووکانەوە ئەبرێت. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئیدی هەموو کوردستان ئەکەوێتە مەترسیی مان و نەمانەوە.

بەشدارانی کۆبوونەوە ئەم دۆخە نوێیە زۆر گرنگ ئەبینن. داوا لە خەڵکی کوردستان و هەموو هێزە سیاسییەکان ئەکەن ئەم پێشهاتانە تەنیا وەک هەڕەشە سەیر نەکەن، بە جدیی ببینن. تەگبیری خۆپاراستن بکەن و بە هەموو تواناوە پشتگیریی گەلی رۆژاوای کوردستان بکەن.

پێویستە گەلی کوردستان لە بەرامبەر ئەو هەڕەشەو هێرشانە ئامادە و لەسەر پێ بێت. رۆژ رۆژی تێکۆشانە.
پێویستە خەڵکی کوردستان، پارت و رێکخراوو هەموو دینامیکە کوردستانییەکان لە ناوخۆی وڵات و لە دەرەوە، ئەم پرسە بکەنە پێشینەی کارەکانیان و لە دژی ئەم داگیرکارییە بوەستن.

هەروەها گەلێک لە بەشداربووان لەسەر چالاکیی مانگرتن لە خواردن کە بۆ لابردنی گۆشەگیریی لەسەر بەرێز عەبدوڵلا ئۆجەلان بەڕێخراوە، هەڵوەستەیان کرد. کۆبوونەوە پشتگیریی هەموو ئەو چا؛لاکیانە ئەکات بۆ دژی گۆشەگیریی بەڕێوە ئەچن. لە کەسێتی لەیلا گوڤەندا سڵاو بۆ هەموو چالاکوانان ئەنێرێت.

**کۆبوونەوەی هەڵوێستی نەتەوەیی بۆ سێ تێکۆشەری کوردستان**
**15.12.2018**